## بۆ بەڕێز / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

### ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت بە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی سنووری هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان پ.ک.ک. و سوپای تورکیا

بە بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

ڕاسپاردنی لیژنە تایبەتەکان و نوێنەری فراکسیۆنە جیاجیاکانی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٨ و٢٠٢١/٦/٩، وەک لیژنە سەردانی پارێزگای دهۆك مانکرد بۆ بەدواداچوون و کۆکردنەوەی داتاو دەرئەنجامەکانی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، کە بووە هۆی زیانی گیانی و ماددی و مەعنەوی و ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان.

لیژنەی ڕاسپێردراو لەگەڵ لیژنەی ڕاسپێردراوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدرال لە چوارچێوەی ئەم ئەرکە پەرلەمانییەدا لیژنەی هاوبەش سەردانی پارێزگای دهۆکی کرد لەگەڵ بەڕێز پارێزگاری دهۆك کۆبونەوەیەکمان ئەنجامدا، بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری و هۆکار و چارەسەرەکانی لەشکرکێشییەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان بە ئامانجی ڕاسپاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەستاندنی لەشکرکێشییەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردن و نێوەندگیری نێوان پ.ك.ك. و دەوڵەتی تورکیا و کۆتایی هێنان بە هێرش و پەلاماردانەکانی سوپای تورکیا، پاشان سەردانی قەزای زاخۆ، ناحیەی دەرکار ،ناحیەی باتیفا ،ناحیەی کانی

ماسی، قەزای ئامێدی و گوندەکانی سنووری پارێزگای دهۆك و بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پاسەوانی سنوورمانکرد، گفتوگۆی پێویستمان لەگەڵدا کردن وە چاومان بە هاوڵاتیانی ئەو گوند و ناحیانە کەوت و لە نزیکەوە گوێبیستی گلەیی و پێشنیارەکانیان بووین کە خۆی دەبینیەوە لە داواکاری و یەکڕیزی نێوان هێزە کوردستانییەکان و ئاوردانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو سنوورانە و قەرەبووکردنەوەیان.
لەم ڕاپۆرتەدا هۆکار و چارەسەر و ئاماری زەرەرو زیانەکان دەخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز:-

هۆکارەکان:

١-بە هۆکاری پێنەدانی مافەکانی گەلی کورد لە باکوری کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتیانە پ.ك.ك. پەنایان بردووەتە بەر خەباتی چەکداری.

٢-هاوسنوری کوردستانی (باکور، باشور، ڕۆژهەلات، ڕۆژئاوا )و هەڵکەوتە جوگرافییەکەی هۆکارێکە بۆ سەختی پاراستنی سنوورەکانی نێوانیان.

٣- هەبوونی پ.ك.ك. بیانوی سوپای تورکیایە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکان و داگیرکارییەکانی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان.

٤-گوێ پێنەدان و بە دەنگ نەهاتنی حکومەتی فیدراڵ بەرامبەر هێرشەکانی سوپای تورکیا و پێشێلکردنی سەروەرییەکانی خاکی هەرێمی کوردوستانی عێراق.

٥-پێشێلکردنی یاسا و ڕێکەوتن و عورفە نێودەوڵەتیەکان لەلایەن سوپای تورکیا و بەدەنگ نەهاتنی وڵاتانی ئەقلیمی و نێودەوڵەتی

دەرخستە:

یەکەم/شەهیدبونی پێنج پێشمەرگە و بریندار بوونی چوار پێشمەرگە لەم کۆتاییانەدا لە کاتی ئەرکدا لە نێو ئۆتۆمبێلێکی سەربازیدا لە چیای مەتینا، هەروەها شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی تر لە شەڕانش لەم پێکدادانانەی دوایدا بە وتەی ئەو پێشمەرگانەی لەوێبون لەکاتی ڕوداوەکەدا کە بە وەزارەتی پێشمەرگە و لیژنەی پەرلەمانی کوردستانیان ڕاگەیاندوە لەلایەن پ.ك.ك. ئەنجام دراوە.

دووەم/شەهیدبوون و بریندابوون و پەککەوتەبوونی سەدان هاولاتی هەرێمی کوردستان.

سێیەم/ داگیرکردنی رووبەرێکی زۆر لە خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەن سوپای تورکیاوە بە قوڵایی (١٥.تا ٤٠کم).

چوارەم/ درووست کردنی زیاتر لە (٧٠) بنکەو بارەگای سەربازی و ئەمنی سوپای تورکیا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان.

پێنجەم/ سوتاندنی پوش و پاوان و لەوەرگاکانی کوردستانی باشور کە بە دەیان هەزار دۆنم مەزەندە دەکرێت.

شەشەم/وێرانکردنی سەدان گوند و ئاوارەکردنی دانیشتوانەکانیان.

حەوتەم /سوتان و لە ناوچونی هەزاران دۆنم لە باخ و ڕەزەدێم لە گوندە سنوورییەکانی سەر بە قەزای زاخۆ و ئامێدی.

هەشتەم / لە ناوچونی هەزاران پوورە هەنگ(مێش هەنگ) و مەڕومالات و ڕەشە ولاخ.

نۆیەم / بێکاربوونی هەزارەها هاوولاتی هەرێمی کوردستان.

دەیەم/ زیانمەندبوونی بینایەی هاولاتیان و فەرمانگە حکومییەکان.

یازدەیەم/ بڕینەوەی سەدان دۆنم لە دارستانە سەوزەکانی هەرێمی کوردستان و بەتاڵانبردنیان لە لایەن سوپای تورکیاوە.

أ/قەزای زاخۆ، ناحیەی دەرکار و باتیفا ،لە قەزای ئامێدی و ناحیەی کانی ماسی دارەکانی براونەتەوە.

ب/بۆردومانکردنی گوندەکانی قەزای زاخۆ لە ناحیەی دەرکار و باتیفا و قەزای ئامێدی و ناحیەی دێرەلوك و شیلادزێ و کانی ماسێ.

ج/ڕێگری کردنی هاتووچۆ لە چەندین گوندی ئەم ناوچانەی کە لە خاڵی أ و ب ئاماژەمان پێداون لە لایەن سوپای تورکیاوە.

کۆبەند

بەلەبەر چاوگرتنی ئەو هەڕەشەو مەترسییە گەورانەی کە لەسەر هەرێمی کوردستانە، پێویستە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان نیو ماڵی کوردستانی ڕێك بخەن و بەرژەوەندی ئەم هەرێمە لەبەر چاو بگیرێت و بە هەموو لایەك هەوڵ بدرێت ئەم پیلانە مەترسیدارە پوچەڵ بکرێتەوە.

ڕاسپاردەکان:-

یەکەم/حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەنگاوی خێرا بگرنەبەر بۆ ڕێگری کردن وکۆتایی هێنان بەم لەشکرکێشیانە.

دووەم/ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی کەناڵە دیبلۆماسییەکان و سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە پەیوەندی باشی لەگەڵیاندا هەیە هەوڵی نێوەندگیری نێوان پ.ک.ک. و دەوڵەتی تورکیا بدەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

سێیەم/دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوەی بۆ گەلی کورد و بۆ هاوڵاتیانی تورکیای بسەلمێنێت کە کێشەی پ.ک.ک. داوای مافی رەوای نەتەوەی کوردە یان داوای دەستەو تاقمێکە، مافەکانی گەلی کورد لە تورکیا دەستەبەر بکات بەشێوەیەکی ئاشتییانە.

چوارەم/کشاندنەوەی هێزەکانی سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان و تۆکمە کردنی سنوورەکانی خۆی.

پێنجەم/حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگای حکومەتی عێراقی فیدرال هەوڵ بدات ژمارەی لیواکانی پاسەوانی سنوور زیاد بکات کە لە ئێستادا (٣) لیوایە، ئەم ژمارەیە کەمە بۆ پاراستنی سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ (ئێران و تورکیا و سوریا).

شەشەم/گواستنەوەی خاڵەکانی پاسەوانی سنوور بۆ خاڵی سفری سنوور.

حەوتەم/قەرەبوو کردنەوەی گشت زیان لێکەوتوان لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە.

هەشتەم/گەڕاندنەوەی سەرجەم خزمەتگوزاری بۆ گشت ناوچەکان.

نۆیەم/گرنگی دان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان و ئامادەکردنیان بۆ پارێزگاری لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق.

یازدەیەم/ داواکارین پ.ک.ک. بیانوو نەدەن بە دەوڵەتی تورکیا بۆ هێرش کردنە سەر خاکی هەرێمی کوردستان و لە باربردنی ئەم ئەزموونە رێز لە سەروەری خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق بگرن.

دوازدەیەم/ یەکگرتوویی هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی هەمیشەیی بۆ سەرجەم سنوورەکان داواکاری هاوڵاتیانی ئەم دەڤەرە بوون.

لەگەڵ ڕێزدا...

هاوپێچ / واژووی ئەندامان

# (لیژنەی هاوبەش)

## بەرواری (٧/٧/ 2021)

## واژووی ئەندامانی لیژنەی هاوبەش سەبارەت بە راپۆرت

**د. محی الدین حسن**
ئەندامی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی
دەرەوەی هەرێم

**حاجی سەفین عمر گەردی**
ئەندامی لیژنەی
کشتوکاڵ و ئاودێری

**د. اسماعیل علی سگێری**
سەرۆکی لیژنەی
کاروباری پەرلەمان

**موسلم مەلا عبداللە**
ئەندامی لیژنەی کاروباری
تەندروستی و ژینگە و مافی
بەکاربەر

**شنۆ ئەشقی عبداللە**
ئەندامی لیژنەی کاروباری
تەندروستی و ژینگە و مافی
بەکاربەر

**رۆژان سلێڤانەیی**
بڕیاردەری لیژنەی کاروباری
تەندروستی و ژینگە و مافی
بەکاربەر

**د. شایان کاکە**
جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری
تەندروستی و ژینگە و مافی
بەکاربەر

**کاوە عبدالقادر**
ئەندامی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و
ئە نجومەنە خۆجێ ییەکان

**بالانبۆ محمد علی**
جێگری سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و
ئاسایش و ئە نجومەنە خۆجێ ییەکان

**شاخەوان رەئوف**
سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و
ئە نجومەنە خۆجێ ییەکان

**جمال حویز مصطفی**
ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە

**حکمت محمد**
ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە

**ڕێڤینگ محمد هرۆری**
سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە